# هەناسەکەی ( ئاسۆعەبدوللەتیف)
# لەهاوولاتیدا بخوێننەوە پاشان کوردستانی نوێ !



**ن / کەنەدا**

هەر ووتارو رەخنەیەك هەڵلا بنێتەوەو لەسەری بنوسن و دەسەلات پەست و توورە بکات ئەوە ئەو ووتارو رەخنەیە ئێسقانیشی بریوەو چۆتە ناو مۆخ و ئێسکە گەندەڵەکەی حزبی کوردیی، خۆزگە کە ووتارێکمان شرۆڤە ئەکرد ئەوەندە بەکەم سەیری نوسەرەکەیمان نەئەکرد، واقیعی و لەسەرخۆو با بەبڕواوە خوێندنەوەکان ئەنجام بدەین و ناوی نوسەرەکان بەتەواوی بەرین، دەبێ بە ئاگابین و بزانین لە پشت هەر نوسینێکەوە مەعریفەو هۆشیاری و داتایەك هەیە؟ لەپشت هەر دێرێکەوە هەناسەو هەست و خەمێك هەیە؟ ئێمە لەم دوور وولاتیە دەستخۆشی لە بنوسی هەناسەکەی ئاسۆ عەبدوللەتیف ئەکەین بەناونیشانی (سەردانێکی عەرەبی. سەرۆك کۆمار لە سوریا!؟ هاوولاتی ژمارە 310- 2007/1/24) کە لە سایتی دەنگەکان و چەند شوێنێکی دیکەش بڵاو کراوەتەوەو بەتەواوی ئاسۆ پەنجەی خستۆتە سەر ئەو برینەی کە هیچ سیاسیەکی ئێمە ناتوانێت و ناوێرێت باسی لێوە بکات، راستە سەردانەکە عەرەبی و عیراقی بوو بۆ ئاشتکردنەوەی سونەو بەعس و موقاوەمەش بوو، مام جەلال خۆیشی ئەمە ئەزانێ، ئایا ئەگەر مام جەلال وەکو سەرۆکی کوردو بۆ مەسەلەی دۆزی نەتەوایەتی کورد چووبایەتە سوریا ئەو پێشوازیەی لێ ئەکرا؟ بەدڵنیاییەوە نەخێر بەڵکو لەلایەن سەرانی عەرەبەوە سەرکۆنەش ئەکرا، ئیدی مام خۆی زۆر بەباشی ئەمە ئەزانێت بۆیە ئەوەندە قەبی عیراقیانەی کردووە بە کورسیەکەی کۆمارداو وا ئەزانێ ئەبەدییە، ئاخر مام زۆر حەزی لە فەنتازیای سەرۆکایەتی و پێشوازی و ماچماچێن و فرۆکەخانەو لێدوان و دەعوەتە هەمووشی دژ بەکوردو کوردستانەکەی تەواو ئەبێت، ئێ خۆ موجازەفەیەك بە کورسیەکەیەوە ناکات لە سوریا تاوەکو بەو نا ئەسەدانە بڵێ پرسی کوردو قامیشلی و زمان و ناسنامەی دوملیۆن کورد چی لێ بەسەرهات؟ هیچ نا تەنها گوتبای جەنابی ئەسەد تۆ فیدراڵیەتی کوردت بەلاوە چۆنە؟ بزانین لای پەسەند بوو یان رەفز، بەڵام کاتێ مامی سەرۆك کۆمار زۆر نامەسئولانە بە بەعسیەکان ئەڵێت با بێنەوە بۆ خاکی خۆیان و لەپرۆسەی سیاسیدا بەشدار بن و دوور نەبن و لەوێ(عیراقی نوێ ) نیزاڵ و خەباتی نوێ درێژە پێبدەن، ئەمە لێدوانی سەیروسەمەرەو نالۆژیکی و نامەسئولانەیە، مامە بۆی نییە بەعس قەڵەوکاتەوە بەسەرمانەوە، ئەمەیان چونکە کورسیەکەی قایم ئەکات ئەگەر دژە کوردیش بێت گوێی مەدەیە چونکە مامە یەکێکە لە سیاسیە هەرە نزیك بین و کورتبینەکانی کورد، ئەو ئەگەر دڵنیابوایە لەوەی کورسی سەرۆکی هەرێمیش قەرەباڵخی و سەفەرو فرۆکەخانەو ماچماچێنی زیاتر پێ ببەخشایە دڵنیاین بۆ لەحزەیەك رازی نەئەبوو چۆڵی بکات بۆ مەسعود بارزانی، ئەو هەناسەیەی ئاسۆ ئەوەندە لۆژیکی و واقیعی و دبلۆماسی نوسراوە مەجالێك نییە بۆ لەسەر ووتن و تەعن و تەشەر، مەگەر رەدوەلامێکی ئایدۆلۆژیانەی تەسك یان لای ئەو نوسەرانەی کە لەپەراوێزی سەردانەکانی مامەدا ئەنوسن و ئیشیان تەنها کۆکردنەوەی ووشە سواوەکانە..! لێرەو لەوێ جوابی ئەو هەناسەیەی ئاسۆ دراوەتەوە بەلام دەبەنگترینیان ووتارۆچکەیەکە لە ژمارە 4178 ی کوردستانی نوێ و لە لاپەرە پێنجدا بەناونیشانی (دیقیش کەیت ناوت ناهێنم ) هەرچەند ئەوە بۆخۆی گەورەترین ناوهێنانی ئاسۆیەو خەڵکی زیاتر ئەگەرێت بۆ ناوی

**نوسەرەکەی هەناسە، نوسینەکەی کوردستانی نویٚ کە بەریٚز کرمانج موراد نوسیویەتی و بەداخەوە ناوی ئۆرجینالی خۆشی نەبردووە بەلاّم ئەو ووتارە زۆر لە نەفەسی ئازاد جوندیانی دەچیٚ و پاش هیٚنانەوەی شیٚرو ریٚویەکی زۆرو ئینشائی و موبەریراتیٚکی لاواز کە گوایە ووتارەکە نالۆژیکیە، بەلاّم ئەگەر نالۆژیکیە بۆچی لە کوردستانی نویٚدا نوسەریٚکی مەعروف و لۆجیکی بە جواب نەهات و یەکیٚك بە جواب دیٚت نەناس و خوازراوەو کەس نایناسیٚت و ئەسەری لە هیچ شویٚنیٚك نییە فەرموون هەموو یەکیٚتی رۆژنامەنووسان و سەرجەم سایتەکان بگەریٚن بزانن ئەو ناوە هەیە یان نا؟ دیارە نەشیویستووە ناوی نوسەر ئاسۆ عەبدوللەتیف بهیٚنیٚ گوایە هەلّویٚستیٚکی سەرسوڕهیٚنەرو ووتاریٚکی بیٚ سەروبەرەی نوسیوە لە هاوولاّتیدا و نوسەری هەناسە دەیەویٚت بەم شیٚوە دەربکەویٚت و ناوی بکەویٚتە ناو ناوان، من بەدوورو بەنزیك نە ئاسۆ ئەناسم و نە بینیومە بە راستی بەلاّم ئاسۆعەبدوللەتیف شیٚتیش بن تازە ناوەو ناویٚکی دیارەیشە لە وەسەتی رۆژنامەوانی و رۆشنبیری کوردیدا ، رەخنەو نوسینەکانی لە سایتەکانی ئەنتەرنیٚت بەتایبەتی لە دەنگەکان و رۆژنامە رەخنەگرەکانی وەك هاوولاّتی و ئاویٚنە و دەیان رۆژنامەدا زۆر بەرچاون و نابیٚ نادیدەی بگرین، تەنانەت من یەك دووجار لە کوردسات و کوردستان تیڤی و زاگرۆزەوە بینیومە وەك نوسەریٚك قسەی کردووەو داوەت کراوە، تەنانەت لە کوردستانی نویٚشدا کە ئۆرگانی یەکیٚتی نیشتیمانی کوردستانە زۆر نوسینیم بینیوەو هەولّەکانی ناشاردریٚتەوە ئەمە واقیعەو بە نوسەری حیزبی وەك ئیٚوەش ئینکاری لە ناو و شوهرەتەکەی ناکریٚت؟!**

**سەرچاوەکان**

www.dengekan.com
www.pukmedia.com
www.hawlati.com

*** تیٚبینی ئەو ویٚنەیەی بەریٚز ( ئاسۆ عەبدوللەتیف)م لە سایتی دەنگەکان وەرگرتووە، پەیجی نوسەران.**